

# حاجی قادری کۆیی

١

ئەم ئاهووە مومکین نییە نەخچیری بەتەدبیر
هەڵ ناغەڵەتێ باوکە سەگی پیرە لە تەزوییر

چاهی زەقەنی مەهلەکە ئەی دڵ بەگوریسی
ئەو زوڵفە ئەگەر سیلسیلەیە خۆت مەخە نێو بییر

ئەی بادی صەبا من ببە سوودی نییە نامە
تەشریحی ضەعیفیی من و غەم نایەتە تەحریر

جەیشی حەبەشی زوڵفی لەگەڵ خەتتی بە شەڕ هات
صۆفی دڵی بێ چارە لە بەر پێ بووە هەنجییر

بەم موهری سولەیمانی زەمان هەروەکوو خورشید
دونیا بگرە بێ مەدەدی خەنجەر و شەمشییر

بێ دیتن و بێ واسیتە چاتر لە من و تۆ
هیچ کەس نییە نەیناسێ ئەگەر شێتە ئەگەر ژییر

بێ مینەتە گەر خوانی وەلی نیعمەتی «حاجی»
ئەم شێخە چییە، قونچکی پیوازە، سەری سییر

٢

بای وەعدە بەفری بردەوە، یەخبەندی کردەوە
گوڵ شەمعی پێ کرا، شەرەری جەمرە مردەوە

ئەسپی رەش و سپی بەگرەو، غاردەدەن بەتاو
وەک ڕۆژ و شەو، دیارە لە شەو ڕۆژ دەباتەوە

بولبول دەخوێنێ، با لە دەفی بەرگی گوڵ دەدا
غونچە لەباتی گوێ بگرێ، دەم دەکاتەوە

نەرگس لە مێرغوزار دەزانی بە چی دەچێ
بنوارە ئاسمان لە شەوا عەینیهی ئەوە

تامی نەماوە قیصەوو فورسەت غەنیمەتە،
مەعلوومی خاص و عامە هەچی چوو نەهاتەوە

میسلی شەراری کاغەزە سووتاوە عومرمان
ڕۆمی کە دەفع بوو گرێی دڵ دەفع دەبێتەوە

لەم وەقتە هەرکەسێ وەکو (حاجی) لە گوڵشەنا
دەستەگوڵی بەدەستەوەیە دەستی بردەوە